


دنیای منداڵان
ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا
٩٨
١٥ی گەلاوێژی ١٣٨٩
٦ی ئاگوستی ٢٠١٠


# وتەی ئەمجارەمان

منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان!
ئەم کاتەتان باش.

کاتێک کە ژمارە ٩٨ی دنیای منداڵان دەگاتە دەستتان، پشووی هاوین هێشتا تەواو نەبووە و دەرگای قوتابخانەکان نەکراونەوە. لە بەر ئەوەی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان پلەی گەرما بە رادەیەکی زۆر دەچێتە سەر، مەجالی هاتنەدەر لە ماڵ و کایە کردن لە کۆڵان و یاریگاکان دا کەم دەبێتەوە. بۆیە ناچار دەبین لە ماڵەوە خۆمان بە شتێکەوە سەرقاڵ بکەین ئەویش خوێندنەوە بە تایبەتی خوێندنەوەی کتێبی چیرۆکی منداڵان تەماشای تەلەڤزیۆن و یاری کردن بە کامپیوتێر و پلەیستەیشن و ئامێرەکانی دیکەی کایە کردنە.

بەڵام منداڵە خۆشەویستەکان! ئەمەمان لەبیر نەچێت کە دەبێ بۆ هەموو کارێک کە دەیکەین کات دیاری بکەین و بەرنامە دارێژین . دەبێت بۆ کایە کردن و تەماشای تەلەڤزیۆنیش کاتی دیاریکراومان هەبێت و نابێ هەموو کاتی خۆمان بۆ ئەو دوو بوارە تەرخان بکەین، چونکە زیاد لە رادە کایە کردن و هەروەها تەماشای تەلەفزیۆن زیانی هەیە بۆ مێشکمان و بیرکردنەوەمان لێ تێک دەدات و چاوەکانمان کز دەکات، جا کەوابوو منداڵەکان! با چەند کاتژمێریکیش لە کاتی رۆژانەمان بۆ خوێندنەوەی کتێب دیاری بکەین. من دڵنیام کە ئێوە دەزانن کە کتێب باشترین دۆستی مرۆڤە و هاورێیەتی لە گەڵ کتێبدا نەک هیچ کات زیانمان پێناگەیەنێت بەڵکو زۆریش بەسود دەبێ بۆمان. جیا لەوەی کە لە خوێندنەوەی کتێب دا زۆر شتی تازە فێر دەبین و دەتوانین رێگای چاک و خراپ لە یەک جیا بکەینەوە، کتێب خوێندنەوە هانمان دەدات کە لە قوتابخانەش دا مێشکمان کراوە بێت و باشتر وانەکان لە ماموستاکانمانەوە فێربین. منداڵە ئازیزەکان! کەوابوو با لەم پشووی هاوینە دا زیاتر سەردانی کتێبخانەکان بکەین و کتێبی تایبەت بەو بوارانە کە حەزمان لێیانە وەربگرین و بخوێنینەوە. بەو هیوایەی کە بتوانین لەگەڵ کتێب دا ببین بە هاورێیەکی زۆر نزیک و گیانی بە گیانی.






شامورادکوڕی خوالێخۆشبوو خواموراد که به شامی کرماشانی به ناوبانگه، له ساڵی ١٢٩٦ هەتاوی له بنەماڵەیەکی هەژارو دەست تەنگ له شاری کرماشان چاوی بۆ ژیان هەڵێنا. له تەمەنی چوار ساڵیدا به هۆی نەخۆشیی مێکوتەوه هەر دووک چاوی له دەست داو بۆ هەمیشه له بینینی دنیا بێبەش بوو. هەر له تەمەنی منداڵیدا له نیعمەتی بوونی باوک و دایک بێبەش دەبێت و به ناچار بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی شان دەداته بەر کارو کاسبی.

شامی له گەڵ ئەوەی که نەخوێندەوار بووەو نەچووەته قوتابخانه بەڵام زۆر وریاو زیرەک بووە، هەر ئەمەش وای لێی کردوە که له گەڵ شیعری شاعیرانی ناوداری فارس وەک حافزو سەعدی و خەیام ئاشنا بێت. ڕەنگه هەر ئەم ئاشنایەتییه کاری تێکردبێت و بووبێته هاندەری بۆ ئەوەی دەست به شیعر گوتن بکات.

شامی هەر له تەمەنی لاوەتییەوە دەست دەکات به شیعر گوتن، بەڵام به داخەوه به هۆی نەخوێندەوار بوونیەوه نەیتوانیوه شیعرەکانی بنووسێتەوه و بەشێکی زۆر له شیعرەکانی له ناو چووه و یا ڕەنگه کەسانی هەلپەرست کردبێتیان به شیعری خۆیان.

ناوەرۆکی زۆرینەی شیعرەکانی شامی فرەتر رخنه گرتن له دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەی ئێران وکوردستانه. هەر له بەر ئەوەشه که شامی به شاعیری ئەشعاری کۆمەڵایەتی ناسراوە. مامۆستا هەژار گوتەنی: هەر تەنیا شیعری «کرا نشینی»ی شامی، هەڵگری سەدان لاپەڕه تەفسیر و لێکدانەوەیه.

شامی له گوتنی شیعری کوردیی کەلهوڕی دا گەیشتووەته لووتکەو هەر بەم بۆنەیەوه ناوبانگی داهێنەری شێوەی سادەی شیعری کەلهوڕیی پێدراوە.

بەشێک له شیعرەکانی شامی کرماشانی به هەوڵ و کۆششی ماموستا هەژاری موکریانی کۆ کراونەوەو له ژێر ناوی « چەپکه گوڵ» دا، ساڵی ١٣٦٢ هەتاوی له چاپ دراون.

شامی، خاوەن ژن و منداڵ بووەو له پاش خۆی چوار کچ و کوڕێکی لێ به جێ ماوه. سەرئەنجام پاش ٦٧ ساڵ ژیان له ڕۆژی ٢ خەزەلوەری ١٣٦٣ هەتاویدا پاش بەربەرەکانییەکی زۆر له گەڵ نەخۆشییەکی درێژماوەدا بۆ هەمیشه ماڵاوایی له ژیان کردو تەرمەکەی له گۆرستانی « باخ فیردەوس»ی شاری کرماشان به خاک ئەسپێردرا.

ئا: فەرشید محەممەدی



# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



ڕۆژێک مامۆستای وانەی زانست بەیەکێ لەقوتابییەکانی دەڵێ دووگیاندارناو بەرە کە وشکایی و ئاوی بن، قوتابییەکە دەڵێت: یەکەمیان بۆق، بەڵام دووەمیان نازانێت ودەڵێت :بۆقێکی تر

***

حاکم : بۆچی قەرزی هاوڕێکەت نادەیەوە؟
قەرزدار: قوربان سێ ساڵە پێی دەڵێم تەنها مانگێک چاوەڕێم بکە کەچی دەڵێت سەعاتێکیش چاوەڕێت ناکەم.

ڕۆژێکیان کابرایەک لەکەناری دەریا دانیشتبووزوو زوو دەیگوت ئافەرین
کەسێک لێی پرسی بۆچی هێندە دەڵێی ئافەرین؟
وەڵامی دایەوەو گوتی: لەدوێنێوە هاوڕێکەم چووەتە ژێر ئاوو هەتا ئێستا نەهاتووەتە دەر، منیش پێی دەڵێم ئافەرین چ هەناسەیەکی درێژت هەیە!!!

## چیرۆکی شەش برای ڕەنگی

لە ژێر ئاسمانی شین لە سەر زەوی شەش برا پێکەوە دەژیان ئەو برایانە هەرکام ڕەنگێکیان دەنواند. هەر بۆیە بە شەش برای ڕەنگی ناوبانگیان دەرکردبوو. ڕۆژێک کە چووبوونە سەیران، زەوییەکی رووتەڵەیان چاو پێکەوت، لە دەوری زەوییەکە کۆبوونەوە و زۆریان پێ سەیر بوو. ئاخر تا ئەو کات زەویی وا رووتەڵەیان نەدیبوو. هەر بۆیە کەوتنە ڕاو تەکبیر چە بکەین و چە نەکەین؟ لە ئاخردا دەستیان هێناو برد. زەرد کە برا گەورەیان بوو هەستاو وتی هەر ئێستا بە ڕەنگی خۆم هەتاوێک لە سەر ئەو زەوییە دەکێشمەوە و بە گەرمیی هەتاوەکە گوڕو تینی پێ دەبەخشیم. زەرد وای کرد بەڵام زەوییەکە نەگۆڕا هەر بە ڕووتەڵەیی مایەوە شین وتی منیش کارم لە دەست دێت هەر ئێستا کانی و جۆگە و گۆلێکی چووکەی پڕ لە ئاو دەکێشمەوەو ئەو زەوی یە پاراو دەکەم. ئەویش کاری خۆی کرد بەڵام زەوی یەکە نەگۆڕا. برای سێهەم وتی نۆبەی منە، ڕەنگی من سەوزە و هەر ئێستا ئەم زەوی یە پڕ دەکەم لە دار و درەخت گوڵ و گیا، با لە هەتاوو ئاو کەڵک وەربگرن و گەشە بکەن. سەوز



تاکوو ماندوو بوو کاری کردو دوایی بە شەکەتی لە بن دارێک پاڵی داوە بۆ حەسانەوە. برای چوارم و پێنجەم و شەشەم کە بریتی بوون لە سوور و بەنەوش و سپی، کە دیتیان زەوییەکە هەر سەوز دەچێ، دەستی یەکیان گرت و گوتیان سەوز بە تەنیا ناحەزە با ئێمەش بڕێک جوانکاریی بکەین دەستیان کرد بە کارو لە ماوەیەکی کورت دا ئەوەندەیان گوڵ لە سەر دار و گژو گیاکان کێشایەوە کە دەتگوت بەحری گوڵانە و زەوییەکە یەک پارچە پڕ بوو لە گوڵی هەمەڕەنگ و جوان. زەوییەکە دەتگوت نەخشەی فریشتە دەستکردەکانە، ئەوەندە جوان و ڕازاوە ببوو کە سەرنجی هەموو ڕێبوارێکی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا پەپوولەو باڵندەکانیش ڕوویان لەو زەوییە کرد و ئەوەندەی تر دڵڕفێن بوو براکان لە سەیران گەڕانەوە ماڵ و زۆر خۆشحاڵ بوون و ماوەیەکی زۆر هەر باسی پارچە زەوییەکەیان دەکرد و شاد بوون لەوەی کە لە کاتی سەیرانیش دا کارێکی بە سوودیان لە دەست هاتوە، بە هاوکاریی یەکتر ئەو زەوییە ڕووتەڵەیان ئاوا پڕ لە نەخش و نیگار کردوە، براکان لە کاتی گفتوگۆدا بڕیاریان دا هیچ کات لە یەکتر هەڵنەبڕێن و هەر وا بە یەکەوە زەوییەکان بنەخشێنن

نووسین: ناسێح خاکی

ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا.
www.Kurdistanukurd.com
سەرنووسەر: عوسمان بێورانی* دەستەی نووسەران: هانا وریا، ناسح خاکی، تریفە سادقی *
مۆنتاژو دیزاین: مینا سوڵتانزادە
mndalanykurd@yahoo.com

# نەخۆشیی شەوە

منداڵە خۆشەویستەکان! ڕەنگە لە گەورەکانتان بیستبێ کە ئەگەر بۆ جارێکیش بووە پێتانیان گوتبێت « داکەون، هەی شەوە بتانباتەوە».

دەی ئێستا با بزانین شەوە چییە و چ جۆرە بەڵایەکە بۆ سەر مرۆڤ؟

هەر وەک دەزانن میکرۆب و ڤایرۆسەکان نەخۆشی هێنەرن و تەنانەت مەترسیداریشن و لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە تووشی نەخۆشیمان دەکەن. یەکێک لەو ڕێگایانە بریندار بوونە. ڕەنگە گەلێک جار شوێنێکی لەشمان بریندار بووبێ زۆرمان گوێ پێ نەدابێت، بەڵام بە پێچەوانە زۆریش گرینگە. چونکە جۆرە میکرۆبێک هەیە لە نێو خاک و خۆڵ و تۆزو خۆڵی شەقام و پیسایی ئاژەڵ و مرۆڤ و ...هتددا دەژی کە پێی دەگوترێت « کلۆسترید یۆمی تێتانی»

منداڵە ئازیزەکان! کاتێک ئەم میکرۆبە لە ڕێگای برینەوە چووە نێو جەستەمان ژەهرێک دەرێژێ و دەبێتە هۆی جۆرە نەخۆشییەکی چڵکیی کوشندە بە ناوی کۆزاز کە ئێمە لە کوردی دا پێی دەڵێین « دەردە کۆپان یا «شەوە»

ئەم نەخۆشییە بە گرژبوونی ماسوولکەکانی مل، دەم و چاو، چەناگەو شەویلاگە دەناسرێتەوە،





واتە کاتێک چووە نێو جەستەوە ئەو ئەندامانە تووشی گرژ بوون دەبن، بە جۆرێک کە حاڵەتی پێکەنینی و دەم داپچڕاوی بە تووش بووەکە دەدا.

منداڵە چاو گەشەکان! ئەو منداڵانەی کە واکسینەکان لە خۆیان دەدەن هەمیشە لە بەرامبەر ئەو جۆرە نەخۆشییانەدا پارێزراون و ئەگەریش ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو میکرۆبە چووە نێو جەستەیان جێگای مەترسی نییە و نیگەران مەبن. کە واتە تا کاتێک کە گەورە دەبن هەمیشە لە کاتی خۆی دا بچنە لای دوکتور و کوتانەکانتان لە بیر مەکەن، بۆ ئەوەی ژیانی داهاتووتان گەشاوە و بە دوور لە نەخۆشی بێ.

منداڵە خۆشەویستەکان! ئەوەیە کورد بە شەوە منداڵ دەترسێنێ، بەڵام هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد شەوە نەخۆشییەکی چڵکیی توندو کوشندەیە. کە واتە حەتمەن ئەو کاتانەی کە شوێنێکی جەستەتان بریندار بوو یان تەنانەت بزمار بە تایبەت بزماری ژەنگاوی لە لاقتان ڕۆچووە، بچنە نەخۆشخانە تاکوو بە دوور لەو جۆرە بەڵایە بن.

نووسین: سەید جەلال سالّحی








# گورگ و بەرخ

هەبوو نەبوو، گورگێکی بۆری ددان تیژی برسی، لە دارستانێکی نزیک ماڵاندا دەژیا. گورگەکە هەتا گەنج بوو، زۆر بە هێز بوو. دەیتوانی هەموو شتێک بکات و بۆ هەموو شوێنێک بچێت. حەزی لە خواردنی هەر شتێک بایە دەچوو خێرا بەدەستی دەهێنا. نە لە مرۆڤ دەترسا و نە لە سەگەلی شوان. شەوانە نەیدەهێشت خەڵک بنوون. بەردەوام دەهاتە دەوری ماڵان و دەیلووراند. گورگە بۆر زۆر زۆر لەخۆ بایی ببوو. هات، هات، هات، هەرچی پێی خۆش بوو کردی. هەرچی پێی خۆش بوو خواردی..




گورگە بۆر وردە وردە پیر بوو. لاقەکانی وەلەرزین کەوتن. بێ تاقەت ببوو. چاوەکانی کز ببوون. بەڵام هەروا چاو برسی بوو. تێری نەدەخوارد. ڕۆژێک کە لە خواردنی مەڕێک ببووەوە چووە سەرکانی بۆ ئەوەی ئاو بخواتەوە و دەست¬وپلی بشواتەوە. سەیری کرد ئەوا بەرخۆلەیەک لە لێواری کانیاوەکە، خەریکی ئاوخواردنەوەیە. لێی چووە پێشێ و لە بەرخەکە تووڕە بوو.

گوتی: بەرخی نارەسەن، ئەوە بۆچی ئاوەکەم لێ دەشێوێنیت و لیخنی دەکەیت؟

بەرخەکە گوتی: ئەزبەنی، ئەوەی ئاوەکە قوڕاو دەکات ئەوە تۆی، من نیم. ئەوە تۆی لە سەرووی منەوە چنگ و پەلی خوێناویت دەشۆیەوە. ئەمن لە خواری تووەم. ئەوە خوێناوی دەست و پلی تۆیە دێت و دەچێتە نێو گەرووی منەوە. بۆ بیانووم پێ دەگریت؟




گورگەکە چاوی لێ سوور کردەوە و گوتی: ئەوە جوێنت بە من دا؟ ئەوە جوێنت دا؟ زۆر باشە جوێن بدە. تۆ نارەسەنیت و گەورە و بچووکی نازانیت. فێری ڕێز و حورمەت نەکراویت. تۆ فێریت جوێن بە من بدەی. ئەوەتا ئێستاش هەموو لەشم بریندارە. لەبیرم ناچێتەوە ساڵی ڕابردوو بە شاخە تیژەکانت لێت دام و هەموو گیانمت هەڵدڕی.

بەرخەکە گوتی: من ئەمساڵ لە دایک بوومە. شاخی چی و لێدانی چی؟ من تۆ ناناسم. ئەوەندە دەزانم تۆ قەڵسەم لێ دەگێریت و بیانووم پێ دەگریت. چیت لێم دەوێ؟

گورگەبۆر ئەوەندەی دیکە چاوی لێ سوور کردەوە و گوتی: وا دیارە تۆ من بە درۆزن دەزانیت. ئەوەیش سووکایەتییەکی دیکەیە بە منی دەکەی. ئاوا دەستت لێ هەڵناگرم. شەرت بێ بتخۆم.

ئامبازی بەرخۆلە بوو. گەرووی بەرخۆلەکەی هەڵدڕی. خوێنی بەرخۆلەکە بە جۆگە ئاوەکەدا دەڕۆیشت و ئاوەکە بە زمانی شەپۆلەکانی دەیگوت: خوایە گیان، کەی ڕۆژێک دادێت و بیانووی زۆرداران دەبڕێتەوە و تەواو دەبێت؟ خوایە گیان کێ هەیە لەسەر هەژاران بێتە جواب؟

دارشتنەوە: ڕەسووڵ سوڵتانی

# کێ لە هەمووان بە هێزترە؟



ڕۆژێک مشکە بچکۆلە لە دایکی پرسی: ئەرێ دایە کێ لە هەمووان بەهێزترە؟ دایکی پێکەنی و گوتی: هەر کەسەو بە قەدەر خۆی هێزی هەیە.

مشکە بچکۆلە پێی وابوو کە دایکی گاڵتەی لەگەڵ دەکا. لە دڵی خۆی دا گوتی: ئەمڕۆ دەچمە نێو دارستان و هاوڕێیەکی بەهێز بۆخۆم دەدۆزمەوە.

لە ماڵێ هاتە دەرێ و بەرەو دارستان وەرێ کەوت، ڕۆیشت و ڕۆیشت تا ئەو کاتەی ماندوو و هیلاک لەسەر عەرز ڕاکشا.



چاوی بە هەتاوی گەرم و ڕووناک کەوت، لە دڵی خۆی دا گوتی: هەتاو لە هەمووان بەهێزترە. چونکە هەموو شوێنێک ڕووناک دەکا. هەستا و هاواری کرد. ئەی هەتاوی درەوشاوەو جوان کە لە ئاسمان دەدرەوشێیەوە، ئەمن بە دوای هاوڕێیەکی بەهێز دا دەگەڕێم، تۆ دەبی بە هاوڕێم؟

هەتاو پێکەنی و گوتی: ڕاستە کە ئەمن پڕم لە ڕووناکی بەڵام هەور لە من بەهێزترە. چونکە ئەو دەتوانێ پێش بە من بگرێ و ڕوناکاییم لێ بستێنێ.

مشکە بچکۆلە ماڵاوایی لە خاتوو هەتاو کرد.



چاوی لە ئاسمان کردو هەورێکی بینی. ڕۆیشت و ڕۆیش تا گەیشتە هەورەکە.

سڵاوی لە هەور کرد و گوتی: ئەی هەوری پڕ لە باران، ئەمن بەدوای هاوڕێیەکی بەهێز دا دەگەڕێم. تۆ دەبی بە هاوڕێم؟

هەور بە پێکەنینەوە گوتی: ڕاستە کە ئەمن دەبارێم، ئاوتان بۆ دێنم، بەڵام با لە من بەهێزترە، چونکە ئەو ئەمن بۆولاو ئەولا دەبا.
مشکە ماڵاوایی لە هەور کردو وەرێ کەوت.

مشکە به دەنگی بەرز بانگی بای کرد. لە ناکاو گێژەڵووکەیەک هەستا. مشکە زانی کە با هات. سڵاوی کرد و گوتی: ئەی بای بەهێز کە دەچی بۆ شوێنێک. ئەمن بە دوای هاوڕێیەکی بەهێز دا دەگەڕێم ئەرێ تۆ دەبی بە هاوڕێم؟

با گوتی: ڕاستە کە ئەمن دەچمە هەموو شوێنێک بەڵام کێو لە من بەهێزترە چونکە کاتێک دەگەمە کێو ئیتر قەوەم پێی ناشکێ و ناچارم ڕاوەستم.

مشکە سوپاسی کردو وەڕێ کەوت.





مشکە بچکۆڵە گەیشتە کێو. کەمێک وەسەر کەوت و سڵاوی کرد و گوتی: ئەی کێوی بەرز و بەهێز، ئەمن بەدوای هاوڕێیەکی بەهێزدا دەگەڕێم تۆ دەبی بە هاوڕێم؟

کێو گوتی: ڕاستە کە من بەرزو بەهێزم بەڵام کاتێک زەوی خۆی بجووڵێنێ هەموو بەردەکانم بەردەبنەوە. کەواتە زەوی لە من بەهێزترە.

مشکە بچکۆڵە گوتی: کەواتە ئەمن لەگەڵ زەوی دەبمە هاوڕێ و وەرێ کەوت.

مشکە لەسەر کێوەکە هاتە خوارێ و بانگی زەویی کرد و گوتی: ئەی زەویی بەهێز! کە دەتوانی کێو بلەرزێنی. ئەمن هاوڕێیەکی بەهێزم دەوێ ئەتۆ دەبی بە هاوڕێم؟

زەوی گوتی: ڕاستە کە ئەمن زۆر گەورەم بەڵام لە من بەهێزتریش هەیە. بۆ نموونە بۆخۆت دەتوانی ئەمن کون بکەی و خانووم لێ دروست بکەی.

مشکە تازە بیری لە قسەی دایکی کردەوەو تێ گەیشت کە هەر بوونەوەرێک بەشی خۆی هێزی هەیە و دەتوانێ کارێک بکا ، بە مەرجێک کە باش بیری لێ بکاتەوە.



وەرگێڕان لە فارسییەوە: دایکی نارین

# دیجلەو فورات

ئێمە دیجلە و فوراتین
لە شاخی سەختەوە دێین
دەگەیەنین سڵاوی
داری بەرووی گەڵا سەوز
لە بەر هەزاران ماڵدا
دەبەستین بەزمی ئاهەنگ
روو لە هەر شوێنێ دەکەین
چونکە روون و رەوانین
بەرەو هەر شوێنێ دەچین
بەڵام ئێمەش وەک ئێوە
کە دوور بین لە نیشتمان
دەبین بە تەم بە کپی
دەبین بە شەستە باران
ئێمە دیجلە و فوراتین

کورو کچی وڵاتین
بە جووت گۆرانی دەڵێین
پڕ لە عەترو گوڵاوی
بە دار خورمای باڵا بەرز
لە گەڵ گەورەو منالدا
دەبارێنین گوڵی شەنگ
خێرو بێری بۆ دەبەین
ئاودێری نیشتمانین
بەرێزو خۆشەویستین
دڵمان پەروەردەی کێوە
دەمان گوشێ دەستی ژان
لە گەڵ هەورێکی سپی
شاد دەبین بە نیشتمان
کورو کچی وڵاتین

لەتیف هەڵمەت

## جیاوازییەکانی ئەم وێنانە ببیننەوە



# پاداشی چاکە و خراپەی هەر مرۆڤێک رۆژێ بۆ ئەو مرۆڤە دەگەڕێتەوە

کوڕەکە رۆیشتبووە سەفەرێکی دوور و درێژ. چەند مانگێک بوو کە بنەماڵەکەی هیچ هەواڵێکیان لێی نەبوو.

دایکی کوڕەکە لە خودا دەپاڕایەوە کە کوڕەکەی بە سلامەتی بگەڕێتەوە باوەشی بنەماڵەکەی هەموو رۆژێک بە رێژەی ئەندامانی بنەماڵەکەی نانی دەکردو بەردەوام یەک نان زیادیشی دەکردو لە پشت پەنجەرەی ماڵەکەیانی دادەنا، تا ئەگەر رێبوارێکی برسی بەوێدا رۆیشت هەڵیبگرێت. هەموو رۆژێک پیاوێکی پشت کووڕ بەوێدا تێدەپەری و نانەکەی دەست دەدایەو دەیگوت: هەر چاکەیەک بکەن پاداشەکەی بۆ خۆتان دەگەڕێتەوەو هەر خراپەیەکیش بکەن زیانەکەی بۆ خۆتان دەگەڕێتەوە.

رۆژ هات و چوو تا رۆژێک ژنەکە لەم وتەیەی پیاوە پشت کووڕەکە زیزو دڵگران بوو. بە خۆی گوت: ئەو پیاوە نەک هەر دەسخۆشی بە من ناڵێت بەڵکوو هەموو رۆژێک ئەم رستەیە دووپات دەکاتەوە، نازانم مەبەستی چییە.

رۆژێک ژنەکە لەم وتەیەی پیاوە پشت کووڕەکە تەواو بە زاڵە هات و بڕیاری دا بە هەر شێوەیەک بووە ئەم پیاوە لە مل خۆی بکاتەوەو لە ناوی ببات. هەر بۆیە ئەو نانەی کە وا هەموو رۆژێک لە پشت پەنجەرەکە دای دەنا دەرمانداو کرد تا بەم شێوەیە لە دەستی پیاوە پشت کووڕەکە رزگاری بێت، بەڵام لە ناکاو بە خۆی گوت: ئەمە چ کارێکە کە من دەیکەم...؟

بۆیە دەست بە جێ نانە ژەهراوییەکەی هەڵگرتەوەو نانێکی دیکەی لە پشت پەنجەرەکە دانا. وەک هەموو رۆژێک پیاوە پشت کووڕەکە بەوێدا تێپەڕی و نانەکەی هەڵگرت و وتەکەی دووپات کردەوەو رۆیشت.

درەنگانی شەو دەرگای ماڵی ژنەکە لێدرا، کاتێک کە ژنەکە دەرگاکەی کردەوە کوڕەکەی دیت کە هەموو جلەکانی دڕاوەو ئاڵۆزو کزو لاواز وبرسی و ماندوو لە پشت دەرگاکە راوەستاوە.

کوڕەکە لە کاتێک دا کە چاوی لە دایکی دەکرد گوتی: دایە گیان ئەگەر موعجیزە نەدەبوو نەمدەتوانی خۆم بگەیەنمەوە ماڵەوە، لە چەند کیلومیتری ئێرەدا بە رادەیەک برسی و لاواز ببووم کە خەریک بوو لە هۆش دەچووم. لە ناکاو پیاوێکی پشت کووڕم دیت کە لێم نزیک بۆوە، ئەو پیاوە نانێکی دامێ و گوتی: ئەم نانە تەنیا خوراکێکە کە من رۆژانە دەیخۆم، ئەمرۆ دەیدەم بە تۆ چونکە تۆ لە من زیاتر پێویستیت پێیەتی.

کاتێک کە قسەکانی کوڕەکە تەواو بوو، دایکی رەنگی گۆڕاو بە بیری هاتەوە کە ئەگەر نانە ژەهراوییەکەی لە پشت پەنجەرەکە هە ڵنە گر تبا یە تە و ە و نانێکی دیکەی لە جێگای دا نەنابایە، ئێستا کوڕەکەی مردبوو.

بەم شێوەیە بوو کە ژنەکە لە مانای ئەو وتەیە کە هەموو رۆژێک پیاوە پشت کووڕەکە دووپاتی دەکردەوە تێگەیشت.

بەڵێ منداڵە خۆشەویستەکان! ئاوایە کە پاداشتی چاکەو خراپەی هەر مرۆڤێک رۆژێک بۆ ئەو مرۆڤە دەگەڕێتەوە.

وەرگێران: شاهۆ

## هەڵسانگاندنی کار

ڕۆژێکیان کوڕێک چووە ناو دوکانێکەوە، بۆ ئەوەی دەستی بگاتە تەلەفونەکە سندووقەپێپسییەکی بردە نزیک تەلەفۆنەکەو چووە سەری و ژمارەیەکی گرت. دوکاندار سەرنجێکی کوڕەکەی داو گوێی لێ گرت بۆ ئەوەی بزانێ دەڵێ چی.

کوڕەکە وتی: دادە گیان رێگەم بدە با من چیمەنەکانی حەوشەکەتان ببڕمەوە.

ژنەکە ووتی: بەڵام کەسێکی دیکە ئەو ئەرکەی پێ سپێردراوە.

کوڕەکە وتی: دادە گیان، من نیوەی ئەو نرخەتان لێ وەردەگرم کە دەیدەن بەو کەسە.

ژنەکە وتی: من لە کاری ئەو کەسە زۆر ڕازیم.

کوڕەکە زۆری هەوڵ دا وتی: دادە گیان! من حەوشەکەو دەرەوەی حەوشەکەشتان بۆ خاوێن دەکەمەوەو چیمەنێکتان بۆ دروست دەکەم لە هەموو چیمەنی ئەم شارە جوانتر بێ. ژنەکە هەر ڕازی نەبوو.

کوڕەکە بە خۆشییەوە تەلەفونەکەی داخست.

لەو کاتەدا دووکاندارەکە هاتە پێشەوە و وتی: کوڕەکە! زۆرم ئەو ڕەفتارەت بە کەیفێ یە، هەر بۆیە تۆ دەتوانی لە لای من کار بکەی.

کوورەکە وتی: نا، سپاس، من هەر دەمویست کارەکانی خۆم هەڵبسەنگێنم.

من هەر ئەو کەسەم کە کار بۆ ئەو ژنە دەکەم.

و: هانا وریا.

# وشتر و بۆق

رۆژێک لە رۆژان پیاوێک وشترێکی هەبوو کە باری خەڵکی پێ هەڵدەگرت. وشترەکە رۆژانە زۆر ماندوو دەبوو. چیرۆکەکە لەوێوە دەست پێدەکا کە خاوەن وشترەکە دەیوست وشترەکەی ناڵ بکا، هەر بۆیە لەو شوێنەی کە لێی بوون خەڵکێکی زۆریان لێ کۆببۆوە و هەرکەسەو قسەیەکی دەکرد. دەنگە دەنگێکی زۆریان دەکرد هیچ کامیان گوێی لە قسەی ئەوی دیکە نەدەبوو، یەکێک دەیگوت چۆن قاچی وشتر ناڵ دەکرێ؟ ئەوی تر دەیگوت خۆ وشتر ئەسپ و گوێدرێژ نیە تا قاچی ناڵ بکرێ؟ بەڵام خاوەنەکەی دەیگوت: ئەمن



باری خەڵکی بەو وشترە هەڵدەگرم قاچەکانی هەموو بریندار دەبن. بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو کە هەرچی خاوەنەکەی هەوڵی دەدا، وشترەکە قاچی بەرز نەدەکردەوە تا ناڵی بکا.

لەو کاتەدا بۆقێک کە ماڵەکەی هەر لەو دەورووبەرە بووو گوێی بۆ قسەو باسی خەڵکەکە راگرتبوو، لە ماڵەکەی هاتەدەرو بە نێو خەڵکەکەدا رۆیشت تا خۆی گەیاندە لای وشترەکە. کەمێک



راوەستاو گوێی بۆ قسەی خەڵکەکە راگرت، کاتێک تێگەیشت کە چ باسە؟ لەپڕ خۆی فرێدایە سەر پشتی وشترەکە.

کاتێک خەڵکەکە چاویان بە بۆقەکە کەوت، زۆر پێی پێکەنین. بۆقەکە کەمێک راوەستاو چاوێکی لە خەڵکەکە کردو وتی: ئەم وشترە داماوە وادەزانێ کە ناڵ کردن ئازاری هەیە بۆیە قاچەکانی بەرز ناکاتەوە. من ئیستا قاچم بەرز دەکەمەوە ناڵی بکەن تا وشترەکە ببینێ و بزانێ کە ئازاری نیە، هەموو بە قسەی بۆقەکە پێکەنین و دەنگە، دەنگ دەستی پێ کردەوە، وشترەکەش کە ئەو قسانە بێزاری کردبوو لەو هەلە کەڵکی وەرگرت و بۆقەکەی لەسەر پشتی ڕا بەرداوە خوارێ و لەو شوێنە دورر کەوتەوە.

و: ف پەیام
بەدەستکارییەوە

## ئایا دەزانن؟

ئایا دەزانن ماوەیەک لەمەو پێش گوندی هەجیج سەر بە شاری پاوە لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکانەوە بە خاوێنترین گوند ناسرا؟.





ئایا دەزانن منداڵ لە وەرزی بەهاردا خێراتر لەو وەرزەکانی دیکەیساڵ گەورە دەبێت؟.



ئایا دەزانن مرۆڤ هیچ کات ناتوانێت بە چاو کراوەیی بپژمێت؟.

ئایا دەزانن گەورەترین نەهەنگی جیهان بە ناوی نەهەنگی ئاوی رەنگ ٣٣ میتر درێژو ١٨٠ تۆن کێشیەتی؟.





ئایا دەزانن فیل دەتوانێت تا پێنج تۆن واتە پێنج هەزار کیلۆ بار بە ئاسانی هەڵبگرێت؟.

ئایا دەزانن زێروو یەک جار دوو تا سێ سانتیمیتری چوار گۆشە خوێن دەمژێت و دوای ئەوە بۆ ماوەی یەک ساڵ هیچی دیکە ناخوات؟.



# وڵاتەکەمان بناسین

## دێلوران

دێلوڕان کە ناوە کۆنەکەی (دێ لوڕو) واتە گوندی لوڕانە، یەکێک لە قەزاکانی پارێزگای ئیلامی سەر بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە دەکەوێتە ٢٢٠کیلومیتری باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری ئیلام. مێژووی نیشتەجێ بوونی مرۆڤ لە ناوچەی دێلوران دەگەڕێتەوە بۆ ١٠ هەزار ساڵ پێش لە ئێستا.

قەزای دێلوڕان لە سێ ناحیەی زەرین ئاوا، مووسیان و ناحیەی مەرکەزی دێلوڕان پێک هاتوە. ئەم قەزایە بە پێی ئامارەکان نزیک بە ٧٠ هەزار کەس حەشیمەتی هەیە و خەڵکی ئەم قەزایە بە زاراوەی کەڵهوڕی قسە دەکەن و زۆربەی خەڵکەکەی موسڵمانی شیعە مەزهەبن.

لە با ر ی هە ڵکە و تە ی جوغرافیایی یەوە دێلوڕان دەکەوێتە نێوان شارەکانی ئاودانان و دەرەشار و مێهرانی سەر بە پارێزگای ئیلام و شاری ئەندیمشکی سەر بە پارێزگای خوزستان و وڵاتی عێراق. ئەم قەزایە نزیک بە ٢٣٠ کیلومیتر سنووری هاوبەشی لە گەڵ وڵاتی عێراق دا هەیە. ئاوو هەوای ئەم قەزایە گەرم و وشکەو لە وەرزی هاوین دا پلەی گەرماکەی دەگاتە سەرووی ٥٠ پلەی سانتیگراد. دێلوران بە هۆی زۆریی زەوییە بە پیت و بە ر ە کە تە کا نیيە و ە بە یەکێک لە ناوچە دەوڵەمەندەکانی کشت و کاڵی کوردستان دێتە ئەژمار کە ساڵانە نزیک بە ٢٠٠ هەزار تۆن دانەوێڵەی گەنم و جۆ لە زەوی یە کشت و کاڵییەکانی ئەم ناوچەیە بەرهەم دەهێنرێت.






قەزای دێلوڕان بە هۆی زۆر بوونی کانگاکانی ژێر زەوییشەوە وەک یەکێک لە دەوڵەمەندترین ناوچەکانی کوردستان و ناوچە بە ئەژمار دێت، چون جیا لە کانگاکانی گەچ، سیمان، ئاهەک و بەردی ئاسن، خاوەن سەرچاوەی نەفت و گازی زۆرە. جێگای ئاماژە پێدانە کە ئەوە نزیک بە سێ دەیەیە کە لە بیرە نەوتییەکانی باشووری دێلوران و ناحیەی موسیان لە لایەن ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە نەوت دەر دەهێنرێت کە هیچ لە پارەی ئەو نەوتە بۆ ئاوەدانی ئەم ناوچەیە تەرخان ناکرێت.

بوونی چەندین ئاسەوارو شوێنەواری کۆن و مێژوویی و سەیرانگای جوان وەک تەپەی مێژوویی کەلاتە، تەپەی مێژوویی عەلی کش، قەڵای هەنجیر، قەڵای سکە سان، قەڵای شواخ، چوار تاقی، پردی مێژوویی حەوت کەدەی زەرین ئاوا، ئەشکەوتی هوەیر، ئەشکەوتی شەمشەمە کوێرە، ئەشکەوتی ئاوی بێشە درێژ، تاقگەی کاور، حەوت تاقگەی گوندی خەربوزان، کانی قیر، کانی ئاو گەرم و زۆر شوێنی جوانی دیکە قەزای دێلوڕانیان کردووەتە ناوچەیەکی توریستیی کە ساڵانە خەڵکێکی زۆر لە ئێران و ناوچەکە ڕووی تێدەکەن بۆ گەشت و گوزار.

نوسین: کانی وایان

# ینەو نەقاشییەکانتان لە دنیای منداڵان دا


شارۆ ڕەسووڵی


خەلات و بریار شێخە


ڕێژنە عەزیزی


هەستیار عەباس


زانا سوڵتانی


هانی عەزیزی


بێریڤان ، بریار و بێژان


دڵنیا عەباس


ڕێژین شەفیعی


ڕێژوان شەفیعی


سانا سوڵتانی


نارین کەنکاش


هیوا وریا


پێشەوا موساپوور